ڕۆژی گەل


# یاسای نەوت حکومەتی هەرێم سەرسام دەکات !

فاروق سلێمان



لەهەفتەی رابردوودا ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی بەغداد رەزامەندی خۆی لەسەر رەشنووسی یاسای پێشاندا، ئەم هەواڵە حکومەتی هەرێمی کوردستانی تەنگەتاوکرد، لە بەیاننامەیەکدا بێئاگای خۆی سەبارەت بە دەرچوونی یاسای نەوت پیشاندا .

ئەگەر بۆ هەواڵەکانی چەند مانگ پێشتر بگەرێینەوەو لێدوانەکانی بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم وەبیر خۆمان بهێنینەوە، دەگەینە ئەو باوەرەی کە لەم بەستێنەشدا جگە لە چەواشەکاری زانیارییێکی دیکە بە جەماوەر نەدراوە.

چەند رۆژ بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کۆبۆوە، راگەیاندنەکان بەم شێوەیە باسیان لێوە کرد: " ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت لە تەلاری سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا پرۆژەی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان خرایەروو و وەزیری سامانە سروشتییەکان کورتەباسێکی سامانە سروشتییەکانی نەوت و غازی لە عێراق و ماددە دەستوورییەکانی پەیوەست بەو سامانە و بوونی بە یاسا و بەشە داهاتی هەرێمەکان و ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە دوای هەمووارکردنی هەندێ لە برگەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی شووورای دەوڵەتی عێراق ئەنجامدران خستەروو و باسی یاسای سەرمایەکانی دارایی فیدراڵ و بنەماکانی هاوکاریی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی کرد .

هەروەها گفتوگۆ لەسەر ماددەکانی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان بە پێی دەستووری عێراق فیدراڵ کرا، ئەنجوومەنی وەزیران ماددە و برگەکانی یاساکەی تاوتوێ کرد و بریاریدا لێژنەیەک لە پسپۆرانی یاسایی بە پرۆژەکەدا بچنەوە تا لە رووی یاسایی رێکوپێک و بەپێی بنەماکانی دەستووری عێراقی بێتەوە بۆ ئەوەی بدرێتە پەرلەمان بۆ دەنگدان"

دیسانیشەوە زانیاریەکانی ناو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم وا بەجەماوەر دەڵێ کە ئاگای لەهەموو وردەکاریەکانی یاسای نەوت هەیە!! کەچی کاتێک یاساکە رەزامەندی لەسەر دەدرێ، حکومەتی هەرێم بێ ئاگایی خۆی پیشان دەدا!

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧وە تا ئێستا چەندین جار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدادی کردووەو لەگەڵ گەورە بەرپرسانی بەغداد کۆبۆتەوە، هەمیشە راگەیاندنەکانی دەستەڵات وایان لە خەڵک گەیاندووە کە دانوستاندنەکانی نێوان سەرۆکی حکومەت و بەرپرسانی بەغداد دەستکەوتی گەورەی لێکەوتۆتەوە، بەغداد رەزامەندی لەسەر بودجەو یاسای نەوت کردووە و لەبەرژەوەندی حکومەتی هەرێم دا شکاوەتەوە.

سەردانەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ بەغداد ئەوەندە زۆر بوون، راگەیاندنەکان سەرمەست و شادان ببوون، وایان لە جەماوەر دەگەیاند کە شاندی هەرێم زۆر بە لێوەشاوەیی ئەرکەکانی خۆی ئەنجام داوەو سەرکەوتووانەش گەراوەتەوە! بەڵام ئێستا دوای ئەوەی شان نزمی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی هەرێممان لەمەر گۆرینی ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی سنوور بینی، ئێستاش بۆمان دەرکەوت کە شاندی حکومەتی هەرێم لە مسۆگەرکردنی سامانی نەوت و دەرچوواندنی یاسای نەوت چەندە سەرکەوتوو بووە!

سەیر لەوەدایە کە رۆژی ٢٢-٦-٢٠٠٧ ئاشتی هەورامی وەزیری نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی گوتبوو کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە سەر پرۆژەی یاسای نەوت ، دوای دوو رۆژ گفتوگۆی چرو سەخت شەوی رابردوو گەیشتنە رێککەوتن .

ئەو وەزیرە گوتبووی " لە عێراقدا دووسندوق دادەنرێ ، یەکێکی دەرەوەو یەکێکی ناوەوە ، ئەوەی دەرەوە بۆ داهاتی نەوت و یارمەتی وڵاتە بەخشەرەکان .ئەوەی ناوەوەش بۆ گومرگ و باجە.

دوای چەسپاندنی پاسەوانی سنوور، تێپەرکردنی یاسای نەوت، لەوانەیە لە رۆژانی داهاتووش دا گوێبیستی هەواڵی دواخستنی بەرێوەبردنی ریفراندۆمی کەرکوک بببن، بەڵام پرسیار ئەوەیە : تا کەی بەرپرسانی کوردستان بە ئاکامەکاندا جەماوەر سەرسام دەکەن! ئەوەی لەو ئاکامی ئەو دانوستاندنانە ورد ببێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە هەمیشە تا تەرازوو بەلای بەغداد شکاوەتەوە، نازاندرێ سەرکەوتنی بەغداد لە گوشاری ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە یان لە زانابوون و لێوەشاوەیی شاندەکانی ئەوان؟!

لەوەتەی رژێمی بەعس رووخێندراوە، هاوکێشەکان لەبەرژەوەندی کوردستان خۆیان نواندووە، بەڵام ئاکامەکە پێچەوانە هاتۆتەوە. ئەگەر هێزە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان بە تایبەتیش بەرێزان تاڵەبانی و بارزانی تەواوی تواناو شیانی خۆیان بۆ دروست کردنەوەی عێراق دەکار نەکردبایە، ئەگەر ئەوان بەرەو بەغداد نەچووبان و هەوڵی یەکخستنەوەی نێومالی عێراقی عەرەبیان نەدابایە، لەوانەیە ئەمرۆ ئاکامێکی دیکەمان وەدەست دەهێنا. ئەوکاتەی ئەمریکا پێی نایە عێراق تەنیا هێزە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان پێشوازییان لێکردن و هاوکارییان کردن، کەچی عەرەب لە دژیاندا راوەستا. هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان گوڵباران دەکران و لە هەرێمەکانی دیکەی عێراقیش گوللە باران دەکران، ئەی باشە بۆچی ئەمریکا بەلای کوردستان نەی شکاندەوە؟! ئایا ئەمریکا بێوەفا بوو یان خۆمان ناشارەزایانە رەفتارمان لەگەڵ کایە سیاسیەکاندا کردووە؟!

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم هەمیشە ناسکبوونی رەوشی کوردستان و ناوچەکە زەق دەکەنەوەو پاساوی شکستەکانیانی پێ دەدەنەوە. باشە ئەگەر ئێستا رەوشی سیاسی و هاوکێشەی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان لەبار نەبێ، ئەی کەی لەباربوونی دەرەخسێنن؟!

کورد گوتەنی" هەڵەکردن پەشم و شوورەیی نیە، بەڵام دان نەنان بە هەڵە عەیبێکی گەورەیە" ئێستاش کە سەرکردایەتی سیاسی و بەرپرسانی کوردستان لە دانوستاندن و سیاسەتی خۆیاندا کورتی دەهێنن، ئەگەر بێ راشکاوانە هۆکارەکان بۆ کوردستانیان روون بکەنەوەو دان بە ئاکامەکانیان بهێنن زۆر سەرکەوتووتر دەبێ لە هێنانەوەی پاساوی نابەجێ و پێشاندانی سەرسامی خۆیان لە ئاکامەکاندا!

شاندەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن بەر لە دانوستاندنەکاندا پرس و راوێژ بە شارەزایانی ناوەخۆ دەرەکی بکەن. بە پرس و راوێژ لە کورتی نادەن، بەڵام کاتێ بەدەستی بەتاڵ دێنەوەو بوێری ئەوەش ناکەن هەنگاوی دیکە هەڵبگرنەوە، راستگۆیی لەدەست دەدرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی کوردستان باس لە ئاشکرایی و روونکاری دەکەن، کەچی کاتێک خۆیان راستیەکان دەشارنەوەو ئاکامەکان لێیان لە هەڵلا دەدەن، جگە لە شکست دەستکەوتێکی دیکەیان وەگیر ناکەوێ، مێژووش بەزەیی بەکەس دا نایەتەوەو تەواوی رووداوەکان لە نێو لاپەرەکانی خۆی دا تۆمار دەکات. نەوەی داهاتووش لەسەر گەواهیەکانی مێژوو دادوەری دەکەن و کارەکان هەڵدەسەنگێنن.

# ڤێللای بەندەر کوری سوڵتان بە نرخی ١٣٥ ملیۆن دۆلار بۆ فرۆشتن داندراوە، کێ دەیکرێ؟!

هەرمان کەرکوکی

ساڵێک لەمەوبەر ڤێللای بەندەر بن سوڵتانی شازادەی سعودیە تابلۆی فرۆشتنی لەسەر نووسراوەو کەس نایکرێ.

خانووی بەندەر کوری سوڵتان لە ئاسپینی هەرێمی کۆلۆرادۆی ئەمریکایە، بە گرانترین خانووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنرێ، زۆر کەس خەون بە خانووێکی لەو بابەتە دەبینێ، بەڵام وێرای ئەوەی ماوەی ساڵێکە بۆ فرۆشتن داندراوە کەس نایکرێ.

هۆکاری نەکرینی ئەو خانووە بۆ دوو هۆ دەگەرێتەوە. یەکەمیان چونکە نرخەکەی زۆر گرانە، دووەمیشیان زۆرینەی ئەمریکیەکان لەو باوەرەدان کە بە پارەی رەش کراوە بۆیە ئامادە نین لە خۆراوە خۆیان دووچاری گرفت و دەردەسەری بکەنەوە.

بێ کریار مانەوەی خانووی ئەم شازادەیە هەندێک لەو راستیانە ئاشکرا دەکات کە جیهانیان مەیلیان بەلای ئەو موڵکانەوە ناروات کە بە سامانی نارەوا کردراون و دروست کراون.

لەمێژوودا ئەو موڵکانەی کە کریاری دەگمەنیان هەیە دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان ئەوانەی لەبەر هەرهۆیەکەوە بووبێ دەستەڵات دەستی بەسەر داگرتوون، بەڵام خەڵک دەزانن کە ئەوانە موڵکی کەسانی دیکەن و نارەوایە ئەگەر ئەوان بەپیر بانگەوازەکانی دەستەڵاتدارانەوە بچن و بیان کرن. وێنەی ئەو موڵکانە لەسەردەمی رژێمی بەعس زۆر بوون. زۆربەی ئەوانەی سەنگەری دژی رژێمیان هەڵبژاردبوو، موڵک وماڵیان دەستی بەسەردا دەگیرا، هەراج دەکران، بەڵام تەنیا پیاوانی رژێم ئەو موڵکانەیان دەکری، خەڵکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز ئاوریان لێ نەدەدانەوە، کەچی زۆر جاران هەرزان فرۆشیش دەکران. نەکرینی ئەو موڵکانە سەرچاوەی لە ویژدانی خەڵکەوە گرتبوو، هەروەها لە داهاتووی موڵکەکانیش دڵنیا نەبوون، دەیانزانی رۆژێک دادێ کە خاوەنەکانیان دەگەرێنەوەو داوایان دەکەنەوە. ئێستاش کێشەی ئەو موڵکانە زۆرن و هەوڵ دەدرێن لە رێگەی دادگەوە چارسەر بکرێن.

جۆری دووەمیان ئەو موڵکانەن کە بە سامانی نارەوا کردراون و دروست کراون، دیسانەوە زۆرینەی خەڵک رێگە بەخۆیان نادەن ئەوانە بکرن، چونکە دەترسن لە داهاتوودا دووچاری کێشەو گرفت ببنەوە. لە مێژووشدا وێنەی لەو بابەتە یەکجار زۆرن، بەتایبەتی خانووی ئەو باندانەی کە لە ئیتالیا بە پارەی رەش کردرابوون.

هەڵبەت خانووی بەندەری کوری سوڵتان نموونەیەکی بچووکەو دەکری هەڵوەستەی لەسەردا بکرێ، چونکە ئێستا زۆرێک لەو دەستەڵاتدارانی وڵاتان هەوڵدەدەن موڵک و زەوی و دوورگە ل وڵاتانی دیکە بکرن. تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەیە کە هەندێک لە بەرپرسانی کوردستان خانوو، ڤێللاو کۆمپانیایان لە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دیکەی جیهاندا کریوە. ئەمەش سەرچاوەی لەو سامانە گرتووە کە لە رێگەی نارەواوە کۆکراونەتەوە، دەنا هیچ بەرپرسێک بە پارەی مووچەکەی ناتوانێ خانووێکی باش لە وڵاتەکەی خۆشیدا بکرێ، ئەمە وێرای ژیانی شایانە کە خۆیان و منداڵەکانیان لە کوردستان و ئەوروپادا بەسەری دەبەن.

خاڵێک کەسەرنجی کوردستانیانی بەلای خۆیەوە کێش کردووە، خۆ بوراردنە لەو دەنگانەی کە داوای ئاشکراکردنی سەرمایەی بەرپرسان دەکەن. هەر ماوەیەک لەمەوبەر بەرەی گۆران بە هاوکاری ژمارەیەک حزب و رێکخراوی پیشەیی و کۆمەڵگەی سڤیل یاداشتێکیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەرز کردەوەو لێیان خواستن کە یاسایێک دەربکات تا بەوهۆیەوە بەرپرسان سامانی خۆیان بۆ گەل و بۆ راگەیاندنەکان ئاشکرا بکەن، بەڵام پێناچێ وەڵامیان بدرێتەوە، چونکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە واتای پێداگرتن لەسەر داخوازیەکانی جەماوەر دەگەیەنێ، هەروەها بەرپرسانیش نیگەران و تەنگەتاو دەکات.

گومان لەوە دانیە هەموو ئەو موڵکانەی کە بەرپرسانی کوردستان لە هەندەران کریویانە بە پارەی سپی کراوە کردراون، یان راستەوخۆ بەو پارەیە کردراون کە لە گیرفانی گەل گلدراوەتەوە، ئاشکراکردنی ئەوانەش ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە. بەوهۆیەوە هەرگیز ئامادە نابن ئاشکرایان بکەن.

دەوڵەمەندبوون و کۆکردنەوەی سامان لە کوردستانی ئازادکراودا هەموو یاساو رێسایێکی تێپەرکردووە. هەرگیز ناتواندرێ بە مووچەی مانگانە کە چەندین زۆریش بێ لەماوەیەکی کورتدا سامانی زۆر کۆ بکرێتەوە. ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستاندا دەگوزەرێ ئابووری ناسانی سەرسام کردووە. کوردستان کارگەو کارخانەی بەرهەمهێنی تێدا نیە. زۆربەی بەرپرسان لە باوک و باپیرانیانەوە سەرمایەی زۆریان بۆ نەماوەتەوە، ئەوەی هەشیانە لەرێگەی حزبایەتی و دەستەڵاتدارییەوە کۆکراوەتەوە، ئەمەش لە خانەی گەندەڵی و دەستبەسەرداگرتنی قوتی خەڵک جێگە دەگرێ. سەرمایەی خەڵک حساب و پێوانەی بەدواوەیە، ناکرێ تاسەر بێ دەنگی پەسند بکرێ. لەوانەیە رۆژێک ڤێللای یەکێک لەبەرپرسەکان بەوێنەی خانووی بەندەری کوری سوڵتان بە ساڵان بۆ فرۆشتن دابندرێ و کەس ئاوری لێنەداتەوەو مەیلی کرینی نەکات.

ئەگەر ئەمرۆ ماڵکی هەندێ بەرپرس لە نێو کوردستاندا بە سەدان دەفتەر دۆلار دەفرۆشرێن و بازرگانیان پێوە دەکرێ، واتای ئەوە نیە کە داهاتوو لێپرسینەوە لە پەیداکردنی ئەو سامانە ناکرێ کە ئەو موڵکانەی پێکراوە. کەواتە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزو تێکچرژاو لە ئایندەی ئەم میللەتەدا خۆی راپێش دەکات و دادگە و دادوەران ناچار دەکات کە بەدواداچوونی بۆ بکەن.

ئێستا چینی دەوڵەمەندو سەرمایەدارانی کوردستان لە بەرپرسان و دەستەڵاتدارانەوە پێکهاتووە. ئەوانەی پێشتر بە سەرمایەدارو دەوڵەمەند ناسرابوون، رۆژ دوای رۆژ سەرمایەکەیان لە کورتی دەدات، لەبەرانبەردا سەرمایەدار و دەوڵەمەندی ئەوتۆ پەیدا دەبن کە تا دوێنێ لە چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگە جێگەیان گرتبوو. جێگۆرکێ لەنێوان سەرمایەدارانی دوێنێ و ئەمرۆ بە قۆناغێکی ئاسایی گوزەری نەکردووە، بەڵکو بازدانێکی گەورە لە هەڵاوسان و سامان کۆکردنەوە پیرەوکراوە، خەڵکی ئاسایش هەست بەو راستیە دەکات و دەیان پرسیاری جۆراوجۆر لە دەروونیدا سەر هەڵدەدەن، ئەگەر ئەمرۆش نەتوانێ و نەوێرێ بەدوای وەڵامەکاندا بگەرێ، داهاتوو ناچاری دەکات کە شرۆڤەو لێکدانەوەی فرەلایەن بکات و رێگەی جۆراوجۆر بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکان بگرێتەبەر.



ئەمرۆ سەرمایەی شازادەکانی سعودیە، بەتایبەتیش بەندەری کوری سوڵتان بۆتە مانشێتی زۆربەی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی جیهان، هەمووشیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بە نارەوا کۆکراونەتەوە. لەوانەیە داهاتوو بە شێوەیەکی دیکە خۆی دووپات بکاتەوە. دوور نیە کە لە ساڵانی داهاتوودا باس لەو سامانەش بکرێ کە هەندێک بەرپرسی کوردستان لە هەندەران دایناوە. ئەو کاتە پرسیارە ئاڵۆزەکان وەڵام وەردەگرنەوە. بەهیوای ئەو رۆژە.